حكومەتی هەرێمی كوردستان
ئەنجومەنی وەزیران
سكرتاریەت

حكومة اقليم كوردستان
مجلس الوزراء
السكرتارية

## بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
## ژمارە (١١٣) لە ٢٠٢١/٩/١٥

پشتبەست بە حوكمەكانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەمواركراو، و لەبەر ڕۆشنایی كۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٦٥) لە ٢٠٢١/٩/١٥، و لە پێناو دەستنیشانكردنی ڕێژەی شایستەی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆكان لە بودجە و میلاك و پرۆژەكان، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

**یەكەم:** ڕاسپاردنی لیژنەیەک لەم بەڕێزانەی خوارەوە بە سەرپەرشتی بەڕێز وەزیری پلاندانان بۆ دەستنیشانكردنی ڕێژەی شایستەی بودجە و میلاك و پرۆژەكان لەسەر ئاستی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆكان بە ڕەچاوكردنی پێوەرەكانی شایستەبوون و دادپەروەری، و دواتر بخرێتەڕوو لە كۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران:

١. نووسینگەی بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران.
٢. نووسینگەی بەڕێز جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران.
٣. وەزارەتی ناوخۆ.
٤. وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان.
٥. سەرۆكی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران.
٦. سكرتێری ئەنجومەنی وەزیران.
٧. سەرۆكی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون.
٨. پارێزگارەكان و سەرپەرشتیارانی ئیدارە سەربەخۆكان.

**دووەم:** ڕاسپاردنی سكرتاریەتی ئەنجومەنی وەزیران بە هەماهەنگی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون بۆ ڕێكخستنی ئەم كۆبوونەوەیە و خستنەڕووی دەرئەنجامەكەی بۆ كۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران.

مەسرور بارزانی
سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران